کونسوڵگەریی گشتیی
کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ
هەولێر

**پەڕەی زانیاری ژمارە 1: زانیاریی گشتی دەربارەی ڤیزای شێنگن** **2023/1**
**Information sheet no. 1: General information about applying for a Schengen visa (C-visa)**

ڤیزایەکی شێنگن مافی مانەوەیەکی ماوەکورت تا **90 ڕۆژ لە هەر 180 ڕۆژدا** لە ناوچەی شێنگن دەدات. ئەم 90 ڕۆژە دەکرێت بەسەریەکەوە بن و یان بەسەر چەند گەشتی کورتدا دابەش بکرێن. دوای مانەوەی 90 ڕۆژ بە تێکڕایی، پێویستە هەڵگری ڤیزاکە ناوچەی شێنگن جێ بهێڵێت. ڤیزایەکی دوو ساڵە (C2)، بۆ نموونە، ڕێ بە مانەوەی چوار جاران 90 ڕۆژ دەدات. ڤیزای شێنگن ڤیزا درووستەکەیە بۆ سەردان، گەشتیاری و سەردانی فەرمی و بازرگانی، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە سەیری پەڕەکانی زانیاری ژمارە 2 تا 6 بکەن.

**ناوچەی شێنگن لە 27 وڵات پێکدێت**: بەلجیکا، دانیمارک، ئەڵمانیا، ئیستلاند، فینلەندا، فەڕەنسا، یۆنان، ئیسلەندا، ئیتالیا، کرۆاتیا، لاتڤیا، لیشتشتاین، لیتوانیا، لوکسمبۆرگ، ماڵتا، هۆڵەندا، نەرویج، نەمسا، پۆڵۆنیا، پورتوگاڵ، سوید، سویسرا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، چیک، هنگاریا.

**لای کام وڵات ڤیزای شێنگن داوا بکەم؟** وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە:

1. ئەو کەسەی کە سەردانی تەنیا یەک وڵاتی شێنگن دەکات، لای ئەو وڵاتە داوای ڤیزاکەی دەکات.
2. ئەو کەسەی سەردانی دوو وڵات یان زیاتر دەکات، لای ئەو وڵاتە داوای ڤیزاکەی دەکات، کە ئامانجی سەرەکیی سەردانەکەیەتی.
3. ئەو کەسەی هیچ ئامانجێکی سەرەکی لە سەردانەکەیدا نییە (بۆ نموونە، 5 ڕۆژ لە ئەڵمانیا و 5 ڕۆژ لە فەڕەنسا)، لای ئەو وڵاتە داوای ڤیزاکەی دەکات کە یەکەم وێستگەی گەشتەکەی دەبێت.

**پێشنیار دەکەین داواکارییەکەتان لە کاتی گونجاودا پێشکەش بکەن**. بەشی ڤیزا لە دۆخی ئاساییدا لە ماوەی 14 ڕۆژی کاردا بڕیار لەسەر ئەو داواکارییانە دەدات کە بێکەموکورین. بۆیە باشتر وایە داواکارییەکەتان 20 ڕۆژ، بەڵام لانی زۆر 6 مانگ، بەر لە سەردانەکەتان پێشکەش بکەن. لە کاتی پشووی جەژنەکانی وەک ڕەمەزان و نەورۆز و پشووە ئەڵمانییەکانی وەک جەژنی هەڵسانەوە و کریسمس لەوانەیە کارکردن لەسەر داواکارییەکان هێشتا زیاتریشی پێ بچێت.

داواکارانی تەمەن سەروو هەژدە ساڵ پێویستە خۆیان فۆڕمی داواکارییەکە واژۆ بکەن، داواکاریی کەسانی تەمەن خوار هەژدە ساڵ پێویستە لەلایەن کەسی خاوەن مافی سەرپەرشتیاری واژۆ بکرێت.

لەگەڵ تەواوکردنی 12 ساڵەی تەمەن پێویستە پەنجەمۆر وەربگیرێت.

وادەی پێشکەشکردنی داواکاریی ڤیزای شێنگن ئۆنلاین لەسەر ماڵپەڕی **کۆمپانیای VFS Global لە هەولێر** تۆمار دەکرێن: https://visa.vfsglobal.com/irq/en/deu.

بۆ **وەرگرتنی پەنجەمۆر** پێویستە هەر داواکارێک خۆی لە کۆمپانیای VFS Global لە هەولێر، ڕێگای عەینکاوە، بەرامبەر چێشتخانەی ئەبو شەهەب سیتی، ئامادە بێت. پەنجەمۆر بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ناو سیستەمی زانیاری ڤیزای یەکێتی ئەوروپادا دەمێننەوە.

**فۆڕمی داواکردنی ڤیزا** دەکرێت بە ئۆنلاین لەسەر ماڵپەڕی کۆمپانیای **VFS** https://visa.vfsglobal.com/irq/en/deu پڕ بکرێتەوە.

**لێرەوە بەروونی ئەوە ڕادەگەیەنین، کە تەواوی خزمەتگوزارییەکانی بەشی ڤیزا، جگە لە ڕەسمی ڤیزا (ماڵیانە) کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە، بێبەرامبەرن.**

**ڕەسمی ڤیزا** بۆ هاوڵاتیانی عێراقی بریتییە لە 80 یورۆ، بۆ منداڵانی تەمەن 6 تا 12 ساڵ بریتییە لە 40 یورۆ، ڕەسمەکە بەگوێرەی نرخی گۆڕینەوەی بەشی ڤیزا بە دۆلاری ئەمریکی دەدرێت. ڤیزای منداڵانی تەمەن خوار 6 ساڵ بێبەرامبەرە. ڕەسمی وەرگیراوی ڤیزا لەسەر ئەو پسولەیەی بەشی ڤیزا نووسراوە، کە لەگەڵ هەر پاسپۆرتێکدا دەدرێتەوە بە کەسی داواکار.

ڕەسمی ڤیزا جیایە لەو **ڕەسمی خزمەتگوازرییەی کۆمپانیای VFS وەری دەگرێت** و لەسەر پسولەی ئاماژەپێکراو نانووسرێت.

لە داواکارییەکانی ڤیزای شێنگندا، لە نێو ئەو بابەتانەی کە بەشی ڤیزا لێیان ورد دەبێتەوە، سەلماندنی مەبەستی گەشتەکەیە و ئایا دارایی پێویست بۆ خەرجییەکانی گەشتەکە و مانەوە دابینکراوە و هەروەها داواکار لەڕووی ئابووری و خێزانییەوە ڕیشەی داکوتراوی لە هەرێمی کوردستان هەن (تا لە کاتی خۆیدا و بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی ڤیزاکە ناوچەی شێنگن جێ بهێڵێت). ئەو

بەڵگەنامانەی وردبینیان تێدا دەکرێت، لە پەڕەکانی زانیاریدا ئاماژەیان پێ کراوە. هەموو بەڵگەنامە عێراقییەکان پێویستە بە وەرگێڕانێکی ئەڵمانی یان ئینگلیزییەوە پێشکەش بکرێن. ئەگەر پێویستی کرد، بەشی ڤیزا دەتوانێت داوای بەڵگەنامەی دیکەش بکات.

بۆ ڤیزایەکی شێنگن پێویستە **پاسپۆرتێکی** بەرکار پێشکەش بکرێت، کە یەکەم: لانیکەم دوو لاپەڕەی بەتاڵی مابن، دووەم: لە ماوەی دە ساڵی رابردوو دەرکرابێت (درێژ نەکرابێتەوە) و سێیەم: لانیکەم لە دوای تەواوبوونی گەشتە بەرنامەبۆدارێژراوەکە سێ مانگ ماوەی کارپێکردنی مابێت. تکایە بەر لە پێشکەشکردنی داواکارییەکە لەم خاڵانە دڵنیا ببنەوە و ئەگەر پێویستی کرد، پاسپۆرتێکی نوێ دەربکەن.

ئەو **وێنەیەی** کە بۆ داواکردنی ڤیزا پێشکەش دەکرێت، پێویستە بایۆمەتری بێت، واتە ئەندازەکەی 35 بە 45 ملیمەتر بێت و لە شەش مانگ کۆنتر نەبێت. روخساری کەسی داواکار روواوڕوو بێت بەبێ سەرپۆش و داپۆشینی چاوەکان. تەنیا ئەو کەسانەی بەهۆکاری ئایینی سەریان دادەپۆشن، لەمە بەدەرن، بەڵام ئەوانیش نابێ چاویان داپۆشراو بێت.

پێویستە لەگەڵ داواکارییەکە **بیمەیەکی تەندروستیی سەفەر** پێشکەش بکرێت (چ بۆ تاکەکەس بێت یان بە گروپ) کە لە کاتی نەخۆشکەوتن یان مردندا گەڕاندنەوەی داواکار بۆ وڵاتەکەی و هەروەها خەرجییەکانی چارەسەری خێرای پزیشکی یاخود وەرگرتنی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ سەرتاپای ماوەی مانەوە و ترانزیت بۆ تەواوی وڵاتانی ناوچەی شێنگن روپۆش بکات. رووپۆشکردنەکە دەبێت بۆ لانیکەم 30.000 یورۆ بێت.  بیمەی تەندروستییەکە دەبێ گەشتی بەرنامە بۆدارێژراوی یەکەم رووپۆش بکات. لە فۆڕمی داواکردنی ڤیزادا پابەندبوونی خۆتان بەوە رادەگەیەنن، کە بۆ تەواوی گەشتەکانی دواتریش بیمەی تەندرووستیی سەفەرتان دەبێت. بەڵگەی بیمەی تەندروستیی سەفەر بە نوسخەی ئەسڵی (بۆتان دەگەڕێنرێتەوە) لەگەڵ کۆپییەکی پێشکەش دەکرێت. ئەو بیمەیەی کە گەڕاندنەوەی خەرجییەکان تەنیا دوای گەڕانەوەی کەسی بیمەکراو بۆ وڵاتی خۆی دەگرێتەوە، بەس نییە. بیمەکە هەروەها نابێت مەرجی سنووردارکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ نموونە بۆ کەسانێک کە لەسەرووی تەمەنێکی دیاریکراوەوە (زۆربەی کات 65 ساڵ) بن بگرێتە خۆی. لە حاڵەتی رەتکردنەوەی داواکارییەکە، خەرجییەکانی بیمەی تەندروستیی سەفەر ناگەڕێنرێنەوە. هەر بیمەیەک مەرجە ئاماژەپێکراوەکانی تێدا بن، قەبوڵ دەکرێن.

ئەگەر ئێوە بەتایبەت لەبەر هۆکاری پیشەیی و خێزانی ناچارن بەردەوام یان زووزوو سەفەر بکەن، پێشنیار دەکەین، **ڤیزایەکی ماوەدرێژ** داوا بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەنامەی پێویست پێشکەش بکەن.

**چەند تێبینییەکی دیکەی گرینگ:**

بە روونی ئەوە رادەگەیەنرێت، کە پێشکەشکردنی تەواوی بەڵگەنامەکانیش مانای خۆبەخۆی پێدانی ڤیزا ناگەیەنێت.

ڤیزا خۆبەخۆ مافی گەشتکردن نییە، لەمەدا دوابڕیار لای دەسەڵاتدارانی خاڵەسنوورییەکانە. بەڵگەی بیمەی تەندروستیی سەفەر پێویستە لە هەر گەشتێکدا بۆ ناوچەی شێنگن بۆ ئەگەری کۆنترۆڵکردن لە خاڵە سنوورییەکان بەردەست بێت.

پرۆسەی کارکردن لەسەر داواکاریی ڤیزا، دوای گەیشتنی بە بەشی ڤیزا، نزیکەی 14 رۆژی کارکردنی پێ دەچێت. هەرکات ویستتان، دەتوانن لەسەر ماڵپەڕی کۆمانیای VFS بزانن، کارکردن لەسەر داواکارییەکەتان بە کوێ گەیشتۆە.

**گەڕاندنەوەی پاسپۆرتەکان** لە رێگای کۆمپانیای VFS دەبێت. **تکایە دوای وەرگرتنەوەی، وردبوونەوە لە درووستیی** تەواوی زانیارییەکانی ڤیزاکەتاندا بکەن، بە رەسمی ڤیزاشەوە. هەر ناتەواوییەک بێدواکەوتن بە بەشی ڤیزا (نەوەک VFS) بگەیەنن. لە حاڵەتی رەتکردنەوەی داواکارییەکە، رەسمی ڤیزا ناگەڕێنرێتەوە.